شاندەکی باڵای حکومەتی هەرێم سەردانی بەغدا دەکەن

بەیارە ئەمڕۆ یەکشەممە 22ـی کانوونی یەکەم، شاندەکی تەکنیکی حکومەتی هەرێم بچنە بەغدا.

بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق دەڵێت: لە کۆبوونەوەی هاوبەشی وەزارەتی دارایی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوودا وەزیری دارایی عێراقی فیدراڵ بریاریدا تیمێک لە وەزارەتی دارایی فیدراڵ سەردانی هەولێر بکەن و لە ماوەی 10 ڕۆژدا بە هاوبەشی کاری پێکەوەیی بکەن لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری لە وەزارەتی دارایی هەرێم.

ئەباز حەملان باسی لەوەشکردووە تەواوی ئەو ڕێکارانەی بە ڕێکخستنەوەی میزان مراجەعەی مانگانەی هەرێم لە سەرەتای ساڵی 2024ەوە تا مانگی 11ـی ئەمساڵە مانگ بە مانگ تەدقیق کرایەوەو ڕێکخرایەوە بەوشێوەیەی کە وەزارەتی دارایی فیدراڵ داوایکردبوو لەسەر لیستی مووچە و خەرجی تەشغیلی و ئەو بەڵە پارانەی کە لە بەغدادەوە بە هەرێم نەردراوەو ئەو پارانەی لە هەرێم لەسەر داهاتی ناوخۆ سەرفکراوە بەتایبەت بە پرکردنەوەی مووچەی مانگانە هەمووی دیاری کراوە.